# کۆمپیوتەرێکی گشتکارەی سێ ڕەهەندی




سێ ڕەهەندی یا بەواتا کورتکراوەکەی 3D لەجیهانی نیشاندان لەتەکنۆلۆژیای دیجیتالیدا وەك کۆمپیوتەر، تەلەڤزیۆن، مۆبایل، تەبلێت، کامێرا، وردە وردە شوێنی خۆیان دەکەنەوە و کۆمەڵگە پێشوازی گەرمیان لێدەکات.

کۆمپیوتەرە گشت کارەکان، یان کۆمپیوتەرە یەك پارچەکان بەو کۆمپیوتەرانە دەگوترێن کە هەموو پارچەکانی کۆمپیوتەرەکە بریتییە لەشاشەیەك و کیبۆرد و ماوسێکی وایەرلەیس کە بەسیستەمی وای فای یا بلوتوس لەگەڵ کۆمپیوتەرەکە پێوەند دەدرێن.

لەم دواییەدا کۆمپیوتەرێکی گشتکارەی سێ ڕەهەندی بەناوی AE2420-3D TOUCH کە توانای MSI هەیە و شاشەکەی سێ ڕەهەندییە کەوتە بازاڕەوە. ڕامی ئەم کۆمپیوتەرە هەشت گیگابایتە و هارددیسکەکەی توانای خەزنکردنی یەك ترابایتی هەیە. کارتی شاشەی ئەو لاپتۆپە لەجۆری ATI RADEON HD 5730ـەیە کە توانای یەك گیگابایتە. مۆنیتۆری کۆمپیوتەرەکە قەوارەکەی 6/23یە، لەجۆری LEDـەی و فول ئێچ دییە. سیستەمی WiFi هەیە و ماوسی و کیبۆردەکەی وایەرلەیسە. پۆرتی USB3 و شوێنی کێبڵی HDMI هەیە.



# تەکنەلۆژیای نوێ لەخزمەت ژنانی فەرمانبەردا

ژنانی فەرمانبەر بەتایبەتی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەر تەنیا ئەرك و کارەکانی فەرمانگەکەیان ڕاناپەڕێنن، بەڵکو دوای تەواوبوونی کار و فەرمانی ئیدارەکەیان، دەبێ دەستبەجێ کە گەڕانەوە خواردنی نیوەڕۆ ئامادە بکەن.. چەندە بۆ خانمانی فەرمانبەر جێگای دڵخۆشی بوو، کە هەتا دەچوونەوە ئامێرێك ئۆتۆماتیکی گەسکی لەماڵەکە دابا و خاوێنی کردباوەو ئامێرێکی دیکەش چێشتی لێنابا، ئەم خەونە درەنگ یا زوو دێتە دی.. ئەوەتا گەسکی کارەبایی هۆشمەند هەیە کە هەموو ماڵ خاوێن دەکاتەوە و دواتریش دەچێتەوە شوێنی خۆی، یان ئەو ئامێری تەباخە دیجیتالییە کە دەکرێت هەر لەفەرمانگەوە کورتە پەیامێکی بۆ بنێری و فەرمانی پێبکەی کە چێشتەکە گەرم بکاتەوەو دواتریش بکوژێتەوە. یان ئەو چاوەیە پێبکات کە تایبەتە بەئاوگەرم کردن بۆ چالێنان..

تەباخی دیجیتالی iTotal control وەك هەر مۆبایلێك سیمکارتێکی تایبەت بەخۆی هەیە و بەتۆڕی مۆبایلەوە پێوەند دەدرێت. تەباخەکە هەم لەڕێگای مۆبایل و هەم لەڕێگای ئینتەرنێتەوە کۆنترۆڵ دەکرێت.

# مۆبایل و جیهانی ڕاوەماوسی

ڕەنگە ڕۆژێك تەکنۆلۆژیا ئەوەندە بەرەو پێش بچێت کە ئامێرێکی هۆشمەندی دیجیتالی بەس بێت بۆ ئەوەی گشت ئەرکەکانی پێ ڕاپەڕێنی، خەونێك کە لەداهاتووی زۆر نزیکدا دەبێتە واقیعییەت.. مۆبایل لەسەرەتای بەرهەمهاتنییەوە گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە دی و چەندین ئەرکی سەرەکی ئەنجام دەدات وەك، کامێرا، ڕادیۆ، تی ڤی، کۆمپیوتەر...تاد.. لەم ڕۆژانەدا ئەرکی زانیاری وەرگرتن لەبارەی ئەو ماسیانەی لەڕووباردان بۆ مۆبایل زیاد بوو.

ئامێری Deeper Fishfinder ئامێرێکە کە وەك تۆپێك دەچێت و سیستەمی بلوتوسی هەیە، ئەرکی ئامێرەکە ئەوەیە کە کاتێك هەڵیدەدەی بۆ ناو ڕووبار، ئەو شوێنەی کە زۆرترین ماسی لێ کۆبۆتەوە بۆ مۆبایلەکە بەڕێی دەکات.

تۆپەکە کە لەئاودا تەڕ نابێت، بەپەتی قولابی ماسیگرەکەوە دەبەسترێتەوە و دەخرێتە ناو ئاوەوە، تۆپەکە ناو دەریاکە و چۆنییەتی شوێنی کۆبوونەوەی ماسییەکان نیشان دەدات و دواتر بەهۆی بلوتوسەوە بۆ مۆبایلە هۆشمەندەکان بەڕێی دەکات، ئەو ئامێرە دەتوانێ هەتا قووڵایی 36 مەتر زانیاری بەڕێ بکات و مەودای بلوتوسەکەشی 45 مەترە. دەکرێت هەر لەو شوێنەوە وێنەی ماسییەکان بۆ سەر پەیجی خۆت لەفەیسبووك بەڕێ بکەی.



# ماک کۆمپیوتەر و دیسان داهێنانی مەزنتر



کۆمپانیای ئەپڵ هەمیشە بەدوای داهێنانی نوێدا دەگەڕێ، بەجۆرێك كە هیچ كۆمپانیایەك نەتوانێ ڕكابەری لەگەڵ بكات، ئەوەیان ڕیكلام نییە بۆ كۆمپانیاكە، بەڵكو ئەوەی لەو چەند ساڵەدا دەركەوتووە ئەوەیە كە كۆمپانیای ئەپڵ، دەیهەوێ باشترین مۆبایل كە "ئایفۆن"ە بەرهەم بێنێ، یان باشترین تەبلێت كە "ئایپادە" و هەروەها كۆمپیوتەرەكانی ئەپڵ لەڕیزی یەكەم دێن.

لەم دواییەدا ئەپڵ باریكترین و كەم كێشترین نوت بووكی بەرهەم هێنا كە دەكرێت 180 پلە بەدەوری خۆیدا بسوڕێتەوە. شاشەی ئەم كۆمپیوتەرە لەڕیزی ڕوونترین شاشەكانی جیهانە. شاشەكە خاوەنی 5 ملیۆن پیكسڵەو 75% تیشكدانەوە كەم دەكاتەوە. قەوارەكەی 15 ئینجە، هەربۆیە لەڕیزی باریكترین نوت بووك لەجیهاندا ئەژمار دەكرێت. هاردی نوت بووكەكە 768 گیگابایتە و ڕامەكەی 16 گیگایە. كێشی نوت بوكەكە دوو كیلۆیە و بارستاییەكەشی 1.8 سمە.



# تەکنەلۆژیا و خزمەت بە جیهانی پزیشکی

هیچ شتێك بەقەد تەكنۆلۆژیای نوێ خزمەتی بەجیهانی پزیشكی نەكردووە، بەتایبەتی تەكنۆلۆژیای دیجیتالی كە زیاتر لەسەرەتای هەزارەی سێهەمەوە پەرەی سەند. ئامێرێكی زۆر بچووكی دیجیتالی لەخێراترین ماوەدا، لێدانی دڵت، ڕێژەی كولسترۆل و زەخت، ڕێژەی شەكرت لەناو خوێندا..تاد. دەزانێ.

نوێترین تەكنۆلۆژیای دیجیتالی كە لەخزمەتی جیهانی پزیشكیدا بێت، ئەو مێزەیە كە لەبری ئەوەی تەرمێك بێنی و ئەندامەكانی جەستەی شیبكەیەوە واتە (تشریح)ی بكەی، بەئاسانی و بێ گرفت لەم شاشە لەمسییەدا كە بەقەد جەستەی مرۆڤێكە، ئەندامەكانی مرۆڤ بەشێوەی مەجازی شیدەكەیەوە و وەك واقیعی دەیانبینی.

د.براون و هاوكارەكەی لەزانكۆی ستانفۆرد، مێزی ئاناتۆمی واتە Anatomage tableداهێنا كە لەبری جەستەی مرۆڤ بەكاردێت. خوێندكارانی و قوتابیانی زانكۆ بێ ئەوەی كە تەرمی مرۆڤێك شیتەڵ بكەنەوە بەو مێزە ئەركەكانی ئەنجام دەدەن، تەنانەت دەتوانێت بەهۆی ئەو مێزەوە كرداری نەشتەگەریش ئەنجام بدات هەروەك ئەو جۆرەی لەژووری نەشتەرگەری ئەنجام دەدرێت.

# مۆبایلێک هەتا 15 ساڵ شەحن لەخۆیدا رادەگرێ

ڕەنگە ئەو مانشێتەی سەرەوە تا ڕادەیەك جێگای سەرسوڕمان بێت، ئاخر چۆن دەبێت مۆبایلێك ئەو تەمەنە زۆرە شەحن لەخۆیدا ڕابگرێت. بەڵێ لەپێشانگای تەكنۆلۆژیای نوێی ساڵانەی تایواندا مۆبایلێك نمایش كرا كە پێویستی بەشەحنكردنەوە نییە و بگرە بەباتری قەڵەمی كار دەكات و ئەو باترییەش هەتا 15 ساڵ شەحنەكەی دانابەزێت.

مۆبایلەكە كە بەspareOne ناسراوە تەنیا بۆ كاتی پێویستە و بۆ پێوەندیكردنی ئاسایی نابێت، هیچ كەلێنێك یان شوێنێكی نییە بۆ شەحنكردنەوە و هیچ شاشەیەكیشی نییە، تەنیا تایبەتمەندی باشی هاندەكە لەوەدایە كە شەحنەكەی بۆ ئەو ماوەیەی ئاماژەمان پێدا دانابەزێت. هاندی مۆبایلەكە تەنیا كیبۆردی هەیە و بۆ ژمارەكردن و هەروەها دوگمەیەكیش بۆ كەم و زیادكردنی دەنگ. لەسەر هاندەكە لایتێك هەیە لەگەڵ دوگمەیەك بۆ "پێوەندی زۆر پێویست" كێشی هاندەكە تەنیا 75 گرامە. هەرچەندە ئەو هاندە هیچ شاشەیەكی بۆ نیشاندانی ژمارەی ئەو كەسەی پێوەندی دەكات یا ناردنی كورتە پەیام نییە، بەڵام بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی بۆ ئەو كەسەی مەبەستتە، ئەم پەیامە دەنێرێ، "تكایە پێوەندیم پێوە بكە".





# سایتێک بۆ پرێنت کردن لە ئینتەرنێت بە ویستی خۆت




زۆر جاران حەز دەکەی لەئینتەرنێت لاپەڕەیەك یان وێنەیەك یان چەند بەشێك لەلاپەڕەیەك پرێنت بکەی، ئەگەر لەپێشدا لاپەڕەکە خەزن بکەی و دواتر جیاکردنەوەی ئەو بەشەی مەبەستتە پرێنتی بکەی دژوارە، بەویستی تۆ دەرناچێت، یان ئەگەر نیازت هەبێت وێنەیەك لەلاپەڕەیەك یان چەند وێنەیەك لەپەیجێکی ماڵپەڕێك پرێنت بکەی بەپرێنتەری سەر کۆمپیوتەرەکەت ئەستەمە. لێرەدا سایتێکتان پێدەناسێنین کە ئەرکی پرێنت کردنی بەشێك لەلاپەڕەیەك لەئینتەرنێت بەویستی خۆت پرێنت دەکات.

سایتی www.printwhatyoulike.com سایتێکی گرنگە و بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتووە، لەم سایتەدا کاتێك ویستت لاپەڕەی سایتێك پرێنت بکەی پێویستە لەبۆکسێك کە بۆ ئەم مەبەستە دانراوە لینکی سایتەکەت بنووسی، یان پێستی بکەی، دواتر سایتەکە پەیجەکە لەخۆیدا دەکاتەوەو لەگەڵ پرۆگرامێکی ئۆنلاین لە لەلای چەپی سایتەکە، ئیتر بەهۆیەوە دەتوانی بەویستی خۆت پرێنت بکەی، بۆ زیاتر شارەزابوون لەکارکردی سایتەکە پێشنیار دەکەم سەرێك لەو سایتە بدەن.

# پرۆگرامێک تایبەت بە مۆنتاژ و گۆڕانکاری لە فیلمدا

لەڕیزی ئەو پرۆگرامانەی تایبەتن بەدەستکاری و گۆڕانکاریکردن لەفیلمی ڤیدیۆییدا دەکرێ بڵێین پرۆگرامی AVS Video Editor لەڕیزی یەکەمەکەمان دێت. پرۆگرامێك بەپێی ئەوانەی تاقیانکردۆتەوە و هەروەها بەڕای ئەو کۆمپانیایەی بەرهەمی هێناوە گشت خزمەتگوزاری و توانا پێویستەکان بۆ گۆڕانکاری لەفیلمێکدا هەیە و پشتیوانی لەتەواوی فۆرماتەکانیش دەکات. هەروەها دەتوانێت فیلمی ڤیدیۆیی لەگشت سیستەمەکانی دەنگ و وێنە، وەك مۆبایل و کامێراکانی فیلم هەڵگرتنەوە هەیە، دەکرێ بەئاسانی کاری کەرتکردنی فیلمەکانی پێ ئەنجام بدەی. دەیان ئیفێکتی جۆراوجۆری بەمەبەست گەلی جیاوازی تێدایە، توانای کۆپی کردنی گشت CD و DVD یەکی هەیە بەجۆرێك کە لەڤیدیۆ DVDیەکانی ماڵەوەدا بیانخوێنێتەوە. دروستکردنی فیلمی DVD بەکوالیتی بەرز، گۆڕینی فۆرماتە جۆراوجۆرەکان بۆ یەکتر، پشتیوانی لەگشت سیستەمێکی دەنگ و وێنەیی وەك iPod, PSD و جۆرەکانی مۆبایل بەشێك لەتوانا سەرەکییەکانی پرۆگرامی ناوبراون. لەکاتی خەزنکردندا دەکرێ کوالێتییەکی بدەی کە لەکاتی سەیرکردنیدا جێگای سەرسوڕمان بێت. بەقەولی بازاڕی وەك ئاوێنەی بێت.



# سۆنی و کامێرایەکی پیـ



کۆمپانیای سۆنی کامێرایەکی کامپێکتی پیشەیی بەنای Cyber-shot DSC-RX100 بەرهەم هێناە کە هەستەوەرەکەی 20 میگاپیکسەلە، و جگە لەوەش سیستەمی CMOS هەیە. لێنزی کامێراکە 28-100 ملمە، دیافراگمی F5.9 -F1.8ە یەکەمین کامێرای

# کۆمپیوتەرێک لە یەک کاتـ

کۆمپانیای ئاسۆس یەکێکە لە کۆمپانیا بەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر بە هەموو جۆرەکانییەوە، لە پیشانگای ساڵانەی Comp-tex2012، کۆمپانیای ناوبراو بەرهەمێکی نوێی نمایش کرد کەکۆمپیوتەرێکی بێ کەیس بوو کە توانای دانانی دوو سیستەمی جیاوازی لەسەر کۆمپیوتەرەکە هەبوو، وەك ویندۆز8 و ئەندرۆید. کۆمپیوتەرەکە کە بە Transformer AIO ناسراوە، شاشەیەکی 18.4 ئینجی لەمسی هەیە. شاشە لەمسییەکە لە یەك کاتدا لە هەر دە پەنجەکەت فەرمان وەردەگرێت. خاڵی جێگای سەرنج لە کۆمپیوتەرەدا ئەوەیە کە هەم کۆمپیوتەرێکی سەرمێزە و هەم تەبلێتێکی بەهێزو گەورەش. کاتێك

# چەند زانیارییەک بۆ سوود وەرگـ



**بەشی دووەم**

ئینتەرنێت جیهانێکی تایبەتە کە هەموو جیهانی لەژوورێکدا کۆکردۆتەوە و ئەوەی مەبەستتە لەبەردەستتدایە.. پێویست ناکات لەسەر گرنگی ئینتەرنێت باس بکەم، چونکە گرنگییەکەی بۆ هەرتاکێك لەجیهان دەرکەوتووە، بەڵام بۆ ئەوەی کە ئاسانتر سوود لەئینتەرنێت وەربگرن و باشتر لەو جیهانە واقیعییە مەجازییە ئاگادار بن، پێویستە ئەو فەرمانانە بزانن.

هەروەك دەزانن چەندین پرۆگرامی دۆزەرەوەی سایتەکان واتە Browser هەن بۆ دۆزینەوەی سایتەکان، وەك گوگل کرۆم، ئینتەرنێت ئیسکپلۆرێر، ئۆپێرا، موزیلا...تاد... کە هەرکام لەوان شێوازی کارکردنیان جیایە، بەڵام چەندین خاڵ و فەرمانی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، بۆ ئەوەی کە فەرمانە هاوبەشەکانی نێوانیان بزانن پێویست بەو زانیارییە دەکات.

Alt+F4 ویندۆی پرۆگرامەکە بەهەموو پەیجە کراوەکانەوە دادەخات. بەڵام ئەگەر لەسەر پەیجێکی کراوە دوگمەی ناوەندی ماوسەکە واتە (گۆی ماوسەکە) دابگری تەنیا ئەو پەیجە

## ــــشەیی 20 میگاپیکسلی

ئەو کۆمپانیایەیە کە بە فۆرماتی RAW وێنە دەگرێت. هەروەها کامێراکە دەتوانێت بە کوالیتی 1080 واتە Full HD فیلم هەڵبگرێتەوە هاوکات لە گەڵ فیلمهەڵگرتنەوەکەشدا بە کوالیتی 17 میگاپیکسـل وێنەبگرێت. کامێرای RX100 یەکەمیـن کامێرای کامپێکتـی کۆمپانیای سـۆنی کە لە تەکنەلۆژیای WhiteMagic لەشاشـەکەی خـۆی سـوود وەردەگرێت کە کۆمپانیای نابـراو پێیوایە ئەمە دەبێتە هۆی ئـەوەی کە رووناکـی شاشـەکە زیاتر بێت. کامێـرای ناوبـراو فلاشـی ناوخۆیی هەیە، جگەلەوەش تەکنەلۆژیای ناسینی روخسارەکان و ناسـینی بزە و گەلێك تایبەتمەندی دیکەی تێدایە.

## ـــــدا دوو سیستەم دەخوێنێتەوە



کە بەشـی شاشـەکە لە بەشـی کیبۆردەکە جیا دەکەیەوە. پەیوەندی لە نێوان شاشـە و کیبۆردەکە بەشـێوەی وایەرلەیـس دەمێنێـت. بەشـی لای کیبۆردەکە شـوێنی پۆرتی USB 3، جێگای کێبڵی HDMI، پۆرتی تـۆڕ، تیۆنەری ناوخۆی تەلەڤزیۆن و هەروەها شـوێنی هـاردی خارجی هەیە.

## لە نینتیندۆدا بۆ یاریکردن تەلەڤزیۆن پێویست نییە!

کۆمپانیاکانـی بەرهەمهێنـی ئامێری گەمەکردنـی ئەلکترۆنـی لـە رکابەری وکێبڕکێـدان بۆ ئەوەی کە لە گۆڕەپانەکەدا جێ شـوێنیان دیار بێت، لەنێـوان دیارترین کۆمپانیـاکان، کۆمپانیای مایکرۆسـۆفت و سـۆنی و ئەپـڵ لە ریـزی یەکەمەکان دادەنرێن.

لە پیشـانگای سـاڵانەی E3 ئەمساڵدا نینتندۆ کـە کۆمپانیایەکـی ژاپۆنییە بۆ بەرهەمهێنانی ئامێری گەمەی ئەلکترۆنی، ئامێرێکی نوێی نمایشـکرد کە شاشەیەکی لەمسی هەیە و تایبەتمەندییەکانی جێگای سـەرنجن. ئامێری گەیمەکە کە بە Wii U ناسراوە دیزاینێکی سـەرنج راکێشی هەیە، دەکرێت کاتی یاری کردن شوێنی تەلەڤزیۆن بگرێتەوە، بەو واتایە دەکرێت هەر لە سـەر شاشـە بچووکەکـەی ئامێرەکـە یارییەکە ببینـی، جگە لەوەش دەکرێت لە دەسـکی گەمەی ئامێرەکە وەك چەکی یاری سـوود وەربگری، یـان لە رێـگای ئینتەرنێتەوە، پەیوەندی ڤیدیۆییت هەبێت.







هاورێیەکی بەرێـز کە خوێنەرێکی بەشی ئایتییە لەگۆڤارەکەمان، پرسیاری ئەوە دەکات چۆن دەکرێت لەئینتەرنێتی سـەر لاپتۆپەکـەم بەبێ وایـەر واتە بەسیسـتەمی Wi-fi بـۆ مۆبایلەکەم هێڵی ئینتەرنێـت بگوازمەوە، چونکە مۆبایلەکەم سیسـتەمی وای —فای لەسەرە؟

خوێنـەری بەرێـز لەسیسـتەمی ویندۆز7دا ئەم کردارە زۆر بەئاسـانی ئەنجام دەدرێت، پێویستە دوای ئەوەی هێڵـی ئەنتەرنێـت لـە لاپتۆپەکەت ئەکتیـڤ کـرد، لەسـەر ئایکۆنی لای کاتژمێرەکە واتە ئەوەی لەسـەر شـریتەکەیە و هێمای کێبڵ و شاشەی کۆمپیوتەرە کلیکی لای راست بکەی و کە دوو فەرمان دەردەکەون، فەرمانی خوارەوەیان کە نووسـراوە Open ne-work... هەڵبژێـرە کـە ویندۆیـەك دەکرێتەوە، لـەو پەنجەرەیـەدا چەند فەرمانێك دەکرێنەوە، کە فەرمانی set up a new... هەڵبژێـرە و دواتـر کە پەنجەرەیـەك دەکرێتەوە، دواین ئایکۆن هەڵبژێرە کە نووسراوە set up a wir-less ... هەڵبژێرە، و فەرمانی next لێبدە، کە بۆکسێك دەکرێتەوە و 3 بەشە، لەبەشی سەرەوە ناوێك بنووسە، بەشی ناوەند کە سـێ فەرمانـە فەرمانی سـەرەوە هەڵبژێرە و دواتر next بکە، بەڵام کە فەرمانی torn of... لێبدە و ئیتر کۆتایی دێت.

## ــــرتنی زیاتر لە ئینتەرنێت؟



دادەخرێت.

Ctrl+left click: ئەگـەر دوگمەی Ctrl دابگری کلیك لەسـەر پەیوەندێـك بکەی، یان دوگمەی ناوەندی ماوسەکە دابگری، ئەو کاتە پەیوەندەکە لەپەیجێکی نوێدا دەکرێتەوە.

Alt+left Arrow یان دوگمەی Backspace دابگری یا ئەوەی کە دوگمەی Alt و هێمای تیرەکە (سەهم) لەسەر کیبۆردەکە پێکەوە دابگری، دەچییە لاپەڕەیەکی دیکە.

F5: سەرلەنوێ هێناوەی ئەو لاپەڕەی کە تێدای.

Escape: ڕاگرتنی کرداری نوێکردنەوەی لاپەڕەکە.

ئەگەر دوگمـەی Ctrl دابگری و لەگەڵ ئەوەدا دوگمەی (+) دابگری، یان دوگمەی Ctrl و گۆی ماوسەکە بۆ لای سەرەوە بسوڕێنی، فۆنتی لاپەڕەکە مەزنتر دەبێت. پێچەوانە ئەگەر دوگمەی Ctrl و دوگمەی (-) دابگری یان دوگمەی Ctrl و گۆی ماوسـەکە بۆ لای خوارەوە بسوڕێنی، فۆنتی لاپەڕەکە بچووك دەبێتەوە.